www.kurdistannet.org
6-9-02 17:45:34

*کوردستان نێت: خوێنەری هێژا پاش خوێندنەوەی ئەم داخوازی نامەیە، ئەگەر بە دڵتەو هاوبیری لەگەڵیدا کلیکەی (ئـــێرە ) بکە تاکو پشتگیری خۆت بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی تۆمار بکەیت.*

# وتەیەك:

د.جەبار قادر

خوێنەری هێژا !

سلاّوی گەرم

بۆ دەستنیشان کردنی چوارچێوەیەکی گشتیی بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد لە عیراقی دوای سەدام حوسێندا و ئاشنا کردنی بیر و رای گشتیی عیراقی و عەرەبی و جیهانی بەو داخوازییانە و بۆ ئەوەی یەکدەنگیی پێك بێنین لە نێوان پارت و رێکخراوی سیاسی و کەسایەتی رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك بۆی نەبیّ لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا دان و سان لە گەلّ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و رژێمی داهاتووی عیراق و دەولّەتانی دەورو بەر و زلهێزەکاندا بکا، بە باشی دەزانم لەم کاتە ناسکەدا کە دۆزی گەلەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا پێیدا تێدەپەڕیّ رۆشنبیران و سیاسەتمەداران و پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە سەر هێلّە سەرەکییەکانی پرۆگرامی سیاسی کورد رێك بکەون و بە یەك پرۆگرامەوە لە گەلّ دەرەوەی خۆیاندا وتو وێژ و دان و سان بکەن.ئەم چەند خالّەی لێرەدا دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز بریتین لە دید و بۆچوونی سەرەتایی لەم بارەیەوە بۆ دەستنیشان کردنی چوارچێوەی ئەو پرۆگرامە.هەلّبەتە ئەمە تەنها پرۆژەیەو بۆ ئەوە بلاّوی دەکەینەوە کە هەموو کوردیّ بیر و بۆچوونی خۆی لە مەڕ دەربڕیّ.لێرەدا لە دید و بۆچوونی سیاسەتی ریالیستەوە (ریالّ پۆلیتیکەوە)مامەلّە لە گەلّ داخوازییەکانی کوردا دەکەین نەك لە گەلّ ئارەزوو خەونەکان و مافی رەوای گەلان بۆ دامەزراندنی دەولّەتی نەتەوەیی خۆیان.

ئەم پرۆژەیە ئەنجامی دان و سان و وت و وێژی قوولّە لە گەلّ چەند روناکبیرێکی بەرێزدا کە هەندێکیان زۆر لە گەلّ ئەوەدا نەبوون لەم کاتەدا بلاّو بکرێتەوە.لە گەلّ رێزی زۆرمدا بۆ دیدو بۆچوونی ئەو بەرێزانە من پێم باشە بلاّوی بکەینەوە بە تایبەتی لە هیچ خالّێکدا لە گەلّ دید و بۆچوونی گشتیی کورد و پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندا لێك ناترازیّ.

لە پێناو پاراستنی تۆکمەیی و کورتی دەقەکەدا خۆمان لە باسی لایەنە مێژووییەکانی دۆزی کورد لە عیراقدا و شیکردنەوەی رووداوەکان و وردەکارییەکان بەدوور گرت.دوای کۆکردنەوەی تێبینی و پشتگیری رۆشنبیران و سیاسەتمەداران و رێکخراوە و پارتە سیاسییەکان دەقە عەرەبی و ئینگلیزیەکەشی بلاّودەکەینەوە.

هیواداریین لە ماوەیەکی کورتدا زۆرترین کەسایەتی و پارتی سیاسی و رێکخراوی کولتوری و کۆمەلاّیەتی پشتگیری خۆیان بۆ ئەم پرۆژەیە رابگەیەنن.ئەم داخوازییە راستەوخۆ و لەم رێگەیەوە ئاراستەی هەموو پارت و رێکخراوەو کەسایەتییەکان دەکەین و ئەوەش رادەگەیەنین کە لەم بارەیەوە لە گەلّ هیچ پارت و رێکخراوێکدا پێش وەخت باس لەم پرۆژەیە نەکراوە.تکایە هەر لایەنێکی سیاسی و کولتوری و کۆمەلاّیەتی و کەسایەتیەك ئەم پرۆژەیان پیّ باشە و دەیانەویّ پشتگیری لێبکەن بەم ئیمایلّ و فاکسەی خوارەوە نێوی تەواو و ئەدرێس و پیشەی خۆیانمان بۆ بنێرن :

jebar_kadir@hotmail.com
Fax : 00 32 5337888

www.kurdistannet.org
6-9-02 17:45:34

# داخوازینامەی گەلی کورد لە عیراق

لە پێناوی دامەزراندنی عیراقێکی نوێ لە سەر بنگەی مرۆڤانی وسیاسی گونجاو وهاوئاهەنگ لە گەڵ رەوتی شارستانی و رۆحی ئەم سەردەمدا و، بۆ رزگاربوون لەو قەیرانەی ئەو وڵاتە روو بە رووی بۆتەوە بە هۆی سیاسەتە نالەبارەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانەوە و بەتایبەتی رژێمی فاشی رەگەزپەرست و تایەفەگەری بەعسی و، لە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە هەستی تۆلەرانسی نەتەوەیی و ئاینی و سیاسی باڵ بەسەریدا بکێشێ و، دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی کە لە گەڵ هەموو عیراقییەکاندا لە سەر بنەمای هاووڵاتێتی یەکسان مامەڵە بکا بێ گوێدانە ئینتمای نەتەوەیی و ئاینی و مەزەبی و ناوچەییان و، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو بەیەکدادانە خوێناویانە بهێنرێ کە عیراق بە درێژایی مێژووی نوێی لە سێبەریدا ژیانی بردۆتە سەر و لە پێناوی دامەزراندنی پەیوەندی راست و دروست لە نێوان پێکهاتەکانی دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا و چاندنی هەستی دۆستانی و تۆلەرانس و خۆشەویستی و رێگە گرتن لە هێزە پیلانگێرە تاریکەکان لە جەنراڵە خوێنرێژ و ناسیۆنالیستە توندرەو و بەکارهێنەرانی دروشمە ئاینییەکان کە دەیانەوێ هەل بقۆزنەوە و بگەنە دەسەڵات و دیکتاتۆری نوێ بە سەر خەڵکدا داسەپێنن و ئەو وڵاتە جارێکی تر بخەنە گێژاوەی پێکدادانی خوێناوییەوە و لە پێناوی روونکردنەوەی داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عیراقدا بۆ بیر و رای گشتیی عیراقی و عەرەبی و جیهانی بە پێویستمان زانی ئەم داخوازینامەیە بلاوبکەینەوە.

وردەکاری وخاڵ و هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی راونان و سەرکوتکردن و جینۆساید و پاکتاوی نەژادی کە رژێمە یەك لە دوای یەکەکان عیراق و بە تایبەتی رژێمی بەعس لە دژی گەلی کورد و وڵاتەکەی پەیرەویان کردووە وئاشکران و لە ئاستێکی فراواندا زانراون.کەس ناتوانێ نکۆڵی بکات لە ئازار و مەینەتیەکانی گەلی کورد و خەباتی بێ وچان و قوربانی لە رادەبەدەری بۆ بەرەبەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتانە و لە پێناوی وەدەست هێنانی داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی بە درێژایی سەدەی رابردوو.بۆیە بە پێویستی نازانین لێرەدا جارێکی دی وردەکارییەکانی ئەو سیاسەتانە و شوێنەوارە وێرانکەرەکانیان لە سەر گەلی کوردستان و هەموو گەلی عیراق بخەینە روو.تەنها بە ئامانجی وەبیر هێنانەوە دەڵێین چارەسەنەکردنی دادوەرانەی دۆزی کورد لە عیراقدا و پەنا بردنە بەر هێزی کوێرانە بۆ سەرکوتکردنی ئەم گەلە و بزاڤە سیاسییەکانی لە بەرایی وەڵامدانەوەی داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی هۆیەکی سەرەکی بووە و ئێستاش هەروایە نەك تەنها بۆ ناسەقامگیری سیاسی و باری ئالۆزی ئەو وڵاتە بەڵکو هۆی هەموو ئەو کارەساتانەیە کە ئەو وڵاتە رووی بە رووی بۆتەوە.ئەگەر عەبدولکەریم قاسم شەڕی لە دژی کوردستان و بزاڤە نەتەوەییەکەی رانەگیاندبایە ئەوا ئەستەم بوو رژێمەکەی بەو شێوەیە بروخێ بەعس بتوانێ دیکتاتۆرێتی خۆی بسەپێنێ و ئەگەر سەدام لە ساڵی ١٩٧٥ دا ئەو هەموو سازشانەی بۆ شای ئێران نەکردبا، تەنها بۆ ئەوەی وەڵامی داخوازییە رەواکانی گەلی کورد نەداتەوە، هەڵبەتە بە لەبەر چاوگرتنی گەلێ فاکتەری دیش، ئەوا ئاسان نەدەبوو پاساوی هێرشەکەی لە دژی ئێران بداتەوە و ببێتە هۆی ئەو شەرە خوێناوییە کە هەشت ساڵی خایاند و زیانێکی زۆری گەیاند بە هەردوو وڵات و هەموو گەلانی ناوچەکە.ئەگەر ئەو هەموو شەڕ و شورانە نەبونایە ئەوا قەیرانی ئابوری عیراق نەدەگەیشتە ئەو ئاستە ترسناکە کە رژێمی سەدام تەنها چارەسەری لە داگیرکردنی کوێتدا ببینێ و بە گەردەلولی بیابان وەلام بدرێتەوە و ئەو کارەساتە بە سەر خەڵکی عیراقدا بێنێ.

بۆ دەرچوون لە کەوانەی توند وتیژی و دیکتاتۆری و شۆفێنیزم و دەمارگیری نەتەوەیی و مەزەبی و بۆ رێگەگرتن لەو لایەن وهێزە گومان لێکراوانەی دەیانەوێ لە ژێر نێو و دروشمی جۆراو جۆردا داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد بشێوێنن و تۆوی رق و کینە و جوداگەری لە نێوان گەلانی عیراقدا بچێنن بە پێویستی دەزانین بە راشکاوەیی داخوازییەکانی گەلی کوردستانی عیراق بخەینە بەردەم بیر و رای گشتیی عیراقی و عەرەبی و جیهانی.

www.kurdistannet.org
6-9-02 17:45:34

بەو پێیەی رژێمی بەعس لە عیراق نەك هەر هیچ شەرعیەتی قانونی و سیاسی نیە بۆ بریاردان لە سەر ئەم داخوازییانە، بەڵکو ئەو بە خۆی بەرپرسە لە هەموو ئەو مەینەتی و کارەساتانەی بە سەر کورد و گەلی عیراق هاتوون، بۆیە ئێمە داخوازینامەکەمان ئاراستەی بیر ورای گشتیی عیراقی و عەرەبی و جیهانی و ئەو حکومەتە دەکەین کە لە دوای سەدام دەسەلاّت دەگرێتە دەست لە سەر خواستی هەموو گەلانی عیراق و جێگەی باوەر ومتمانەیان دەبێ.داخوازییەکانمان لە دەسەلاّتی ئایندەی عیراق بریتین لەم خالاّنەی خوارەوە :

١. راگەیاندنی دەستوری هەمیشەیی بۆ دەوڵەتی عیراق کە پێناسەیەکی نوێ بە دەوڵەتی عیراق دەبەخشێ و بێ پێچ و پەنا دان بەوەدا دەنێ کە عیراق ولاّتێکی فرە نەتەوە و ئاین و مەزەب و کولتورە و ماف یەکسانی هەموو هاوولاّتییان دابین دەکا بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئەو هاوولاّتیانە ژنن یا پیاو و سەر بە چی نەتەوە و رەگەز و ئاین و مەزەب و کولتور و ناوچە و بیر و باوەری سیاسین و پەیمان دەدات مافە نەتەوەیی و بەرێوەبەرایەتی و سیاسی و ئاینی و کولتورییەکانی هەموو هاولاّتیانی عیراق دابین بکات.

٢. دامەزراندنی سیستەمی سیاسی نوێ لەو ولاّتە لە سەر بنەماکانی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سیستەمی فیدیرالی و پەرلەمانی فرەحیزبی و رادەست کردنی ئاشتیانەی دەسەلاّتی سیاسی.

٣. داننانی بێ پێچ و پەنا بە خواستی گەلی کوردستانی عیراق کە لە هەڵبژاردنی سیستەمی فیدیرالیدا خۆی بەرجەستە دەکا و پەرلەمانی کوردستان لە ٤ ئوکتۆبەری ١٩٩٢ بریاری لە سەرداوە بۆ دەستنیشان کردنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان لە چوارچێوەی سنوورە جوگراف و مێژووییەکانیدا و بەشەکەی عەرەبیەکەی عراق.

٤. سرینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی بەعەربکردن و پاکتاوکردنی نەژادی کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق و بەتایبەتی رژێمی بەعس لە دژی گەلی کورد لە بەدرە، جەسان، خانەقین، جەلەولا، کفری، دوز، داقوق، کەرکوك، دوبز، پردێ، مەخمور، دیبەگە، شێخان، زمار، تەلەعفەر، شنگار پەیرەوی کردووە و گێرانەوەی هەموو راگوێزراوان بۆ سەر خاك و زێدی باو وباپیرانیان و گێرانەوەی زەوی و زار و خان و بەرەکانیان و قەرەبوو کردنی زیانەکانیان.هەروەها گێرانەوەی نیشتەجێ عەرەبەکان بۆ ئەو جێگانەی لێوەی هاتوون.

٥. گێرانەوەی کوردە فەیلییەکان بۆ شار و گوندەکانی خۆیان و گێرانەوەی خان و بەرەو موڵك وسامانیان و قەرەبووکردنی زیانەکانیان.

٦. دەستکردن بە هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دابین کردنی بودجەی تایبەتی بۆ کوردستان بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی بنخانی ئابوری هەڵیتەکێندراو و سەر و بن کرا و قەرەبووکردنی زیانەکانی قوربانیانی سیاسەتەکانی رژێمی بەعس.

٧. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دادوەرانە و بێلایەن لە بارەی شالاّوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هەوڵەکانی جینۆسایدەوە کە لە دژی گەلی کورد جێ بە جێ کران بۆ دەستنیشانکردنی تاوانباران و ئەنجامدەران و بەرپرسانی ئەو کردەوانە و دادگای گردنیان لە بەردەم دادگاکانی تاوانکارانی جەنگدا و ئاشکرا کردنی چارەنووسی قوربانیان ئەنفال و بێ سەر و شوێن کراوان و قەرەبووکردنی کەس و کاریان لەو زیانە مادی و مانەویانەی کە بە هۆی ئەو تاوانانەوە لێیان کەوتوون.

٨. دەبێ حکومەتی داهاتووی عیراق پەیمان بە گەلی کورد و گەلانی عیراق بدا کە بەشداری لە هیچ هاوپەیمانییەکی دوولایەنە و فرەلایەنەی ناوچەیی و جیهانی ناکات کە بە مەبەستی دژایەتی کردن و پیلان گێران لە دژی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە عیراق و لاّتانی تری رۆژهەلاّتی نزیکدا، ساز کراون.

www.kurdistannet.org
6-9-02 17:45:34

٩. هەروەها دەبێ حکومەتی داهاتووی عیراق پەیمان بە کورد و هەموو گەلانی تری عیراق بدا کە لە دژی بیری رەگەزپەرستی و هەموو ئەو بیر و بۆچوونانەی کە هەستی دوژمنایەتی و توندرەویی و جوداکاری رەگەزی و ئاینی و میلیتاریزم و هەستی تۆڵەسەندنەوە بەهێز دەکەن بێ لایەن نەبێ و سزای قانونی ئەو هێز و گروپ و لایەن و دەزگایانەی راگەیاندن بدا کە پروپاگەندە بۆ ئەو جۆرە بیر و بۆچوونانە دەکەن وەهەستی دوژمنایەتی نەتەوەیی و ئاینی و مەزەبی لە نێو خەڵکدا بلاو دەکەنەوە.

١٠. دەبێ حکومەتی نوێی عیراق پرینسپەکانی پاراستنی ئاشتی نێوخۆیی و ئاشتی لە ناوچەکە و جیهان و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان و پەنا نەبردنە بەر چەك و شەر بکات بە بناغەکانی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی عیراق.دەبێ خۆی دوور بگرێ لە بەشداری کردن لە هەر هاوپەیمانیەکی سەربازی و سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە دەتوانن عیراق بکێشنە نێو کەوانەی شەر و ئالۆزییەوە.

١١.ئێمە لە کاتێکدا کە داخوازییەکانی کورد دەخەینە پێش چاو بە هەمان شێوەش داخوازی ماف هەموو گەلانی عیراق دەکەین و بە پێویستی دەزانین بە هەمان شێوە باس لە مافە نەتەوەیی و سیاسی و کولتورییەکانی گەلانی ئاسوری و تورکمان لە کوردستان و عیراقدا بکەین لە سەر بنەمای رێکەوتنی نوێنەرانی راستەقینەی ئەو گەلانە بە هاوئاهەنگی لە گەڵ گەلانی عەرەب و کوردا.هەروەها بە توندی سیاسەتی جوداکاری مەزەبی کە لە دژی شیعەی عیراق بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق پەیرەوکراوە رەت دەکەینەوە و دەبێ لە عیراقی داهاتوودا جوداکاری مەزەبی و رەگەزی و ئاینی و کولتوری .تاد بۆ هەمیشە لە نێوبرێ.

6.9.2002

دەستەیەك لە ئەکادیمیانی کورد